

# هەنگاو و ئامادەکارییەکان بۆ مانگی ڕەمەزان

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز نزیك دەبینەوە و لەو مانگەدا پێویستە جگە لە ڕاگرتنی پاکوخاوێنی و دابینکردنی خواردەمەنیی تایبەت، گۆڕانکاری لە دیکۆری ماڵیش بکەین و هەندێك کەرەستە و کەلوپەل دابین بکەین کە گوزارشت لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بکات. لێرەوە چەند ڕێنماییەك دەربارەی ئامادەکاری بۆ مانگی ڕەمەزان دەخەینەڕوو:

سەرەتا بە هەنگاوی پاککردنەوە دەستپێبکە، وەك دەستپێکێك کە گوزارشت لە هاتنی میوان و مانگێکی پیرۆز بکات، کەرەستەی تایبەت کە مانای مانگی ڕەمەزان دەدات، وەك فانۆسی ڕەنگاوڕەنگ و ڕیزە گلۆپ، یان نووسینی تایبەت بەو مانگە لە ماڵەکەت دابنێ، کەرەستەکانی دیکەی وەك بەرماڵ و ڕایەخی نەخشدار بە نەخشی ئایینی لە شوێنی بەرچاو دابنێ، کەرەستەی خۆراکیی پێویست لە کاتی خۆی دابین بکە تا پەکت نەکەوێت، هەوڵبدە شیرینی و کێك هەردەم لە ماڵەکەت هەبێت، واچاکە کولیچە و لوقم و پاقلاوە کە تێکناچن، بڕێکی زۆریان دابین بکەیت و لە ناو ئامێری ساردکەرەوە هەبن. لە شەوی یەکەمی ئەو مانگە، هەمووان کۆ بکەوە و بەیەکەوە نزای خێر و خۆشی بۆ ئەو مانگە بکەن، بە هەمووانیش بڵێ کە کەی کاتی پارشێو و خوانی ئێوارەیە، هەوڵبدە هەمیشە شەربەت و خواردنەوەکان لە ماڵدا هەبن، واچاکە لەسەر سەلاجەکەی ماڵەکەت ئاگادارییەك بنووسیت کە مانگی ڕەمەزانە بە هەڵە شت مەخۆن! گۆڕانکاری لە جلوبەرگت بکە، هەروەها ئەو جلانە بپۆشە کە گوزارشت لە ئایین و پۆشتەیی دەکات.

## خشڵ و ئێکس



خشڵ و ئێکسسوارەکان، بۆ هەموو شوێنێك پێویست و کاریگەرن، واچاکە بەردەوام چەند جۆرە خشڵ و ئێکسسوارێك لە مل و دەستت هەبن، ئەوە جگە لەوەی گوزارشت لە جوانیت دەکات، هەروەها مانای گرنگیدان و هەستێکی بەرز پێشکەش دەکات، ئەو کەرەستە و خشڵانەی کە ڕۆژانە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت بریتین لە: یەکەم، ملوانکەی شێوە و ڕەنگ زێڕین، ئەو جۆرە ملوانکانە بە پێویست دەزانرێن و دەتوانیت ڕۆژانە لە ملتدا بێت، بۆ ماڵ و دەرەوە و لەگەڵ هەموو جۆرە جلوبەرگێك گونجاوە. دووەم، بازنی باریك و تەنك کە نموونەی جوانیی ئێکسسوارەکانن، بۆ هەموو کات و شوێنێك گونجاون، تەنانەت لەگەڵ دەستی باریك و پڕیش شیکن. سێیەم، گوارەی بازنەیی، یەکێکە



# ڕاهێنانەکانی نەرمکردن و بچووک نیشاندانی ڕوخسار

ماندووبوونی ڕۆژانە و خەم و هیلاکی، کاریگەریی خراپیان لەسەر پێست بەگشتی و پێستی ڕوخسار بەتایبەتی هەیە، هەموو ئەوانەش پیری بە ڕوخسارەوە دەردەخەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێستی ڕوومەت لە چرچولۆچی و گرژبوونەوە نزیك دەکەنەوە، چارەسەریش لە ڕێگەی نەشتەرگەریی جوانکارییەوە دەبێت کە کارێکی قورسە و کات و ژان و ماندووبوونی دەوێت، لێرەوە دەتوانی لە ڕێگەی هەندێك ڕاهێنانەوە تا ئەندازەیەك ڕێ لە پیربوون بگریت و ڕوخساریشت بچووك نیشان بدەیت، ڕاهێنانەکانیش بەم چەشنەن: یەکەم، گرنگی بە ژێر و دەوروبەری چاوەکانت بدە، بە دانانی دەستەکانت بە شێوەی ستوونی لەسەر ئێسکی ڕوومەتت دواتر هەوڵبدە پەنجەکانت بەرەو دەرەوەی ڕوخسارت ببەیت پاشان بەرەو چاوەکانت هەڵیبکێشە، تا ماسوولکەکانی ئەو شوێنە دەکشێن و دەکرێنەوە، ئەو کارە بۆ ماوەی (٢٠) خولەك ئەنجام بدە. دووەم، توندکردنی ڕوخسار و ڕوومەتەکان، سەرەتا پەنجەکانت بخە سەر نێوچەوانت و پاشان کەمێك پاڵەپەستۆی بخەرەسەر تا دەگەیتە خوارەوە بۆ سەر ڕوومەتەکانت، دواتریش تا گەردن، لەو کاتەشدا چاوەکانت بنووقێنە و لێویشت دابخە، ئەمکارە پێچەوانە بکەرەوە، بەڵام چاوەکانت کراوە بن و دەمیشت بکەوە، ئەو ڕاهێنانە ڕۆژانە سێ جار ئەنجامی بدە. سێیەم، دەستەکانت بخە ژێر گەردنت، با زمانیشت بەرەو سەرەوەی دەمت بێت و دەمیشت داخراو بێت، بۆ ماوەی پێنج خولەك گەردنت بەرەو سەرەوە ببە، بەم جۆرە بمێنەوە، دواتر پشوویەك بدە و پاشان دووبارەی بکەوە، ئەمجاریان با شێوەی دەمت کراوە بێت.

## سواری ڕۆژانە



لەو خشڵانەی کە لەگەڵ کەشی دەرچوون و ماڵ و دانیشتن گونجاوە، دەکرێت جووتێك گوارەی بازنەیی تەواو، یان شێوەی هێلکەیی لە گوێچکەکانتدا بێت، ئەو کاتە بێگومان بە لە جوانیی ڕوخسارت. چوارەم، ئەڵقە و ئەنگوستیلەی شێوە بەردین، ئەو بەردانە جوانترین دیمەن دەبەخشن، بەتایبەت کاتێك ڕووناکییان بەردەکەوێت، بۆیە با هەمیشە ئەڵقە و ئەنگوستیلەی بەردینت لە پەنجە بێت.



## گۆرانیبێژێکی نابیست

ڕەنگە سەردێڕێکی سەیر بێت، کە کەسێك گۆرانیبێژ بێت و گوێی لە هیچ دەنگێکیش نەبێت، ئەوە چیرۆکی تراژیدیای ژیانی ئاوازدانەر و نووسەرێکی گۆرانیی ئەمریکییە بە ناوی (ئەماندا لیان هارڤی) کە بە ماندی ناسراوە. گوێچەکانی توانای بیستنیان نییە، کەچی گۆرانییش دەڵێ، ئەو گۆرانیبێژە نابیستە لە ڕێگەی لەرەلەرە و لێدان لە زەوی و شتومەکەوە فێری گۆرانی وتن بووە، ئەماندا لیان هارڤی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٨ و دانیشتووی شاری سینسینتییە لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا و دەرچووی زانکۆی (ریبۆند)ە، ئێستاش یەکێکە لە گۆرانیبێژە ناسراوەکانی ئەمریکا کە بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگەکان بانگهێشت دەکرێت و بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی دەچڕێت، جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەو هونەرمەندە لە بەرنامەی (ئەمریکا گۆت تالێنت) توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت.

## پاشای هـ

ئەستەمە چەند کەرەستەیەك لەسەر یەکتر دابندرێت و بەرگەی هێزی کێشکردنی زەویش بگرن و نەکەون، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە کەرەستەکان لەسەر لێوارێك، یان بەشێك دەوەستێندرێن. ئەو پیاوە کە ناوی (ڕۆکی بیۆن)ـە خەڵکی وڵاتی کۆریای باشوورە و بە پاشای هاوسەنگی دەناسرێت، چونکە هەندێ نمایشی لەسەر یەکتر دانانی کەرەستەکان ئەنجام دەدات، کە بوونەتە جێگای سەرنجی هەمووان، چونکە توانیویەتی شارەزایی تەواو لە خاڵی هاوسەنگیدا پەیدا بکات.



# هەفتە فیستیڤاڵی خۆراك

## فیستیڤاڵی هەفتانەی خواردن لـ





سالآنە لە هەموو جیهان چەندین فیستیڤاڵی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت، لە کوردستانیش دەیان فیستیڤاڵی هەمە چەشن لە نەورۆز و یادەکانی ئاداردا ساز دەکرێت، دواترینیشیان فیستیڤاڵی خواردن بوو، ئەو فیستیڤاڵە بۆ هەفتەیەك بەردەوام بوو، جگە لەوەی بەرهەمەکانی خواردن نمایش دەکران، هەروەها پسپۆڕان و شارەزایانی بواری خۆراك لە پانێڵی تایبەت لە نێو فیستیڤاڵەکە بە ڕێنمایی و زانیاریدان بە خەڵك لە بارەی چۆنێتی هەڵگرتن و گرنگیدان بە خۆراکی تەندروست و بەسوود، خەڵکیان بە ڕێگەکانی سوودوەرگرتن لە خورادەمەنیی تەندروست ئاشنا دەکرد.

(خۆگر چەتۆ)، ڕێکخەری فیستیڤاڵەکە لە ڕێکخراوی (ئاڤی) کە تایبەتە بە گەشەپێدانی تەندروستی، دەربارەی فیستیڤاڵەکە گوتی: «ئامانجمان لەو فیستیڤاڵە نیشاندانی خواردنی میللی و ناوچەکەیە، تا خەڵکی کوردستان و گەشتیاران زیاتر ئاشنای خواردنی کوردی و کوردەواری ببن، فیستیڤاڵی ئەمساڵ وەك دەستپێك دەبێت، سەرەتا (٥٧) شوێن تەرخان کران، دواتر زانیمان کە فیستیڤاڵەکە شوێنێکی زۆری داگیر دەکرد، بۆیە کردمان بە بەش بەش و ڕۆژانە نزیکەی (١٥ تا ٢٠) چێشتخانە خواردنەکانیان نمایش دەکرد، پلانیشمان بۆ ساڵی داهاتوو ئەوەیە فیستیڤاڵەکە لە دەوروبەری قەڵات بکرێت. فیستیڤاڵی هەفتانەی خواردن بریتییە لە دوو بەش، یەکەمیان نمایشکردنی خواردن، دووەمیش سازکردنی پانێلە، هەروەها ئاهەنگی جۆراوجۆر بە بەشداری و ئامادەبوونی هونەرمەندانی کورد بەڕێوەدەچن، لە پانێلەکانیشدا چەندین پسپۆڕی خۆراك ئامادە دەبن، کە تیایدا باس لەوە دەکرێت کە خۆراك و چۆنێتی نۆشکردنی و ڕێژەی خواردن، یان بە چ جۆرە شێوازێك خۆراکەکان ئامادە بکرێن و بخوردرێن. هەر لە فیستیڤاڵەکەدا چێشتخانەکان بڕە خواردنێك بۆ تاقیکردنەوە پێشکەش بە خەڵك دەکەن، ئەوەی پێی خۆش

## ـــــــاوسەنگی

به بڕوای خۆی کارەکە بیرۆکەی خۆیەتی و دەتوانێت فێڵ لە کێشی ڕاکێشانی زەوی بکات و کەرەستەکان لەسەر یەکتر دابنێت. ئەو نمایشکارە دواجار توانیویەتی چەندین مۆتۆرسکێل و بەرد و کەرستەی ناوماڵ لەسەر لێواری یەکتر دابنێت بە جۆرێك بوەستێن کە ببنە جێگای سەرنجی هەموان، وەك خۆیشی دەڵێت، پڕۆژەی داهاتووی بریتی دەبێت لە هاوسەنگکردنی کەرەستەی گەورەتری وەك ئۆتۆمبێل و کەرەستەکانی دیکەی ناوماڵ.





## بیۆنسێ دەبێتە نەفرتیتی

شاژنی میسر (نەفرتیتی) یەکێك بووە لە جوانترین شاژنەکانی جیهان، کە جوانییەکەی وایکردووە شای میسر ئەو ئافرەتە بکاتە بە هاوسەری، مێژوونووسان دەڵێن: نەفرتیتی خەڵکی عێراق بووە و تەنانەت کوردیش بووە، چەندین بۆنە و یاد لەسەر ئەو شاژنە میسرییە دەکرێتەوە، دوای چەندین هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئافرەتێك کە شێوەی نەفرتیتی هەبێت و ڕۆڵەکەشی وەربگرێت تا فیلمێکی دیکویۆمێنتاری لەسەر ژیانی ئەو شاژنە بەرهەم بهێندرێت، دواجار خانمە گۆرانیبێژی ئەمریکی (بیۆنسێ) دیاری کرا کە ڕۆڵی نەفرتیتی لە فیلمێکدا ببینێت کە ناوی (Home coming)ە، وا بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیکدا تۆمار بکرێت و بڵاوبکرێتەوە، جوانیی بیۆنسێ لە ئەسمەری و ڕەنگ و ڕوویدایە، کە شێوەی دەچێتەوە سەر ئافرەتانی کۆنی میسر، فیلمەکە باس لە گەشتێکی شاژن دەکات کە بۆ گەیاندنی دەنگی ئافرەتانی ئەسمەر و ڕەش پێست سەردانی چەندین شوێن دەکات.




## ــــــه کوردستان

بوایێت داوای زیاتر دەکات، نرخی خواردنەکانیش لە (٣٠ ٪) داشکانی بۆ کراوە.»

فیستیڤاڵەکە قەرەباڵغییەکی زۆری بەخۆوە بینی، ئەوەی داواکاری زۆر لەسەر بوو، خواردنی کوردەواری و (پینك بورگر) بوو، بورگر ئەگەرچی خواردنێکی بیانییە، بەڵام ئەو خواردنە ڕەنگی پەمەییە و لە کوردستان دروست دەکرێت. (بێستوون موزەفەری) وەك یەکێك لە خاوەن کارەکانی ئەو فیستیڤاڵە و ئامادەکاری پینك بورگر گوتی: «بۆیەی ئەو جۆرە بورگرەمان لە دەرەوە هێناوە، چونکە ڕەنگی پەمەییە و لە گۆشتی خۆماڵیش دروست دەکرێت، سەبارەت بە نرخیش داشکانمان کردووە کە جیاوازە لە نرخی ڕاستەقینە.»

هەر لە فیستیڤاڵەکەدا جەماوەرێکی زۆر خواستی چاخواردنەوەیان هەبوو، هەریەکە لە (نەریمان و عەزیز چایچی) بە کتری (چا و نسکافە)یان ئامادە دەکرد و پێڕانەدەگەیشتن بە خەڵکی بدەن.



## فڕۆکە بچووکەکە

بچووکترین فڕۆکە کە نە کلکی هەیە و نە باڵەکانیشی هێندە درێژن تا بە فڕۆکەیەکی ئاسایی بچێت، لە وڵاتی ئەڵمانیا بە ناوی (Horten HX-2) دروستکراوە و لەلایەن کۆمپانیای (هۆرتن) سەرپەرشتی کراوە، جێگەی یەك کەسی تێدا دەبێتەوە، کێشی (١٠٠٠) کیلۆگرامە، شوێنی سووتەمەنییەکەی تا (١٢٠) لیتر دەگرێت و بۆ ماوەی سێ کاتژمێر توانای فڕینی هەیە، وابڕیارە ئەو فڕۆکەیە لە داهاتوودا بۆ هاتوچۆی ڕۆژانەی هاووڵاتیان بەکاربهێندرێت.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە کۆکردنەوەی پارە و سامان دەکات لە ڕێگەی کوشتن و ئەزیەتدانی خەڵکانی دیکەوە، گوزارشت لە قوربانیبوونی خەڵك دەکات بۆ بەرژەوەندیی هەندێ کەس کە پێیان وایە مرۆڤەکانی دیکە بۆ ئەوان سەرچاوەی پارە و داهاتن.



## فێڵکاری چاو

ئەم وێنەیە بە دوو دیمەن خۆی نیشان دەدات، هەوڵبدە هەردوو دیمەنەکە لە ماوەی کەمتر لە (١٥) چرکەدا دیاری بکەیت و بزانیت لە وێنەکەدا چی دەبینیت.

## بۆ زان



### نەمانی ئۆکسجین

لەکاتی نەمانی ئۆکسجین تەنیا لە ماوەی پێنج چرکە زەوی بە تەواوی دەگۆڕێت، بەجۆرسێك کە هەر شتێکی وەکو باڵەخانە و خانوو بەنداوەکان کە لە کۆنکرێت دروستکرابێت پەرت دەبێت، چونکە ئۆکسجین وەکو دروستکەری بەندی هاوبەش لەناو کۆنکرێتدا کاردەکات و بەبێ ئۆکسجین کۆنکرێتیش بریتییە لە تۆز و گەرد، کە هیچ بەنددروستکەرێك لە نێوانیاندا نییە. گەر لە کاتی نەمانی ئۆکسجیندا لەبەردەم تیشکی خۆردا بیت، ئەوا توشی سووتانێکی زۆری پێست دەبیتەوە، چینی ئۆزۆن کە وەك پارێزەرێکە دژی تیشکی یو ڤیی خۆر، لە ئۆکسجین دروستکراوە، بە نەمانی ئۆکسجین گوێی ناوەوەمان شەق دەبێت و دەتەقێتەوە، چونکە لە دەستدانی ئۆکسجین بە واتای لەدەستدانی ٪٢١ی پەستانی هەوا دێت، گۆڕانێکی لە پڕی واش لە کەشوهەوادا وەکو ئەوە وایە کە کەسێك لە ماوەی کەمتر لە یەك چرکەدا لە سەر ڕووی دەریاوە دابەزیت



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

تۆ کەسێکی کارامەیت، دەتوانیت بە جوانی کارەکانت ڕاپەڕێنیت، بۆیە هیچ نیگەران مەبە، هەڵوێستی کەسێکی نزیکت ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی سەرنج و تێڕوانینت بەرامبەری بگۆڕێت و پەیوەندیی نێوانتان وەك جاران بەهێز نەبێت، هەرچەندە ئەوە هەڵەی تۆ نەبووە، بەڵام هەوڵبدە زیاتر ددان بەخۆتدا بگریت و هەڵەی ئەو دووبارە نەکەیتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

سەرقاڵی ژیانی خۆت بە و داهاتووت دیاری بکە، کارێك مەکە لە ئێستاوە ببێتە کێشە بۆت، باش بیر بکەوە و هەوڵبدە هیچ بڕیارێك بە خێرایی نەدەی، چونکە هەندێك نهێنیی گرنگ دەزانیت کە پێشتر بە شێوەیەکی دیکە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەت زانیوە، لە ئێستادا چاوەڕوان بە تا باشتر ڕاستییەکانت بۆ ئاشکرا ببێت، بە هیچ شێوەیەك بڕیاری بەپەلە مەدە.



**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

یارمەتی کەسانی دیکە بدە و زیاتر هەنگاوەکانت با بۆ کاری چاکە بن، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەوروبەرەکەت کاتێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەیت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر گەشبین بینیت بۆئەوەی زیاتر بڕوات بە تواناکانی خۆت هەبێت. هاوڕێی ژیانت بۆ خۆشبەختی تۆ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و هەندیك کاری گرنگ دەکات کە لەبەرژەوەندیی ئێوەدایە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەهۆی کێشە کەسییەکانی خۆتەوە کەسانی دیکەت لە بیر کردووە، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت لەوانەیە هەندێ گرفتی بچووك بێنە سەر ڕێگاتان، پێویستە هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی ئەو گرفتانە کاریگەریی بەجێنەهێڵین و نەبنە هۆی کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی نێوانتان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیت بە یارمەتیی هاوڕێکانت هەیە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

جوان بیر دەکەیتەوە و هەستت بەرەو باشتر چووە، دۆخی ژیانت باشبوونێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، بۆیە پێویستە زیاتر بیر لەباشکردنی پەیوەندییەکانت بکەیتەوە و هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە. هەرچەندە هەڵسوکەوتی یەکێك لە کەسانی نزیکت بێزارت دەکات، بەڵام چاوەڕوانبە ئەم هەفتەیە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسێك گلەیی ئەوەت لێ دەکات کە گۆڕانکاریت بەسەر هاتووە و وەك جاران گرنگیی پێ نادەیت، ئەگەر بۆ وەڵامی قسەکانی بەڵگەیەك، یان هۆکارێکی ڕوونت نەبێت، ڕەنگە کاریگەریی خراپ لەسەر پەیوەندیی نێوانتان دروست بکات، پێویستە بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەیت.



## پەند و وتە

(جیم کارۆتۆرس گاریسۆن)، ئەندامی پارتی لیبراڵی ئەمریکایە و لەدایکبووی (١٩٢١)ی شاری دینسۆن لە ویلایەتی لوا، لە ساڵی (١٩٩٢) کۆچی دوایی کردووە، جیم کارۆتۆرس باس لە گرنگیی هەندێ کەس لە ژیانی کەسەکانی دیکە دەکات و دەڵێ: «بوونی هەندێ کەس لە ژیاندا هێندە بەسوودە بۆ ژیان و هەست و دەروونت کە هەر خۆی مانای ژیانێکە.»

## بازرگانێک
## لە نێو ئاودا دەژی

بازرگانێکی ئەمریکی بە ناوی (شاد وارتۆڤسکی) بەهۆی ئەوەی هاوسەرەکەی (نادیە سبرانی) کە خەڵکی تایلەندە و کارێکی نایاسایی لە وڵاتی تایلەند کردووە، ئێستا ڕێگەی نادرێت لەو وڵاتە نیشتەجێ بێت، لە کاتێکدا زۆربەی کار و کۆمپانیاکانی ئەو بازرگانە لە وڵاتی تایلەندە، بۆیە بە ناچاری بە پێی ڕێکاری (sea-steads) لە کەناری (ڤۆکێت) خانوویەکی بچووکی لەنێو ئاودا دروست کردووە کە تەنیا جێگەی دوو کەسی تێدا دەبێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی وڵاتی تایلەند ئەو کارە بە بەزاندنی سەروەریی وڵاتەکەیان دەزانن و بڕیاریانداوە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا بسەپێنن، ئەگەر خانووەکەی تێکنەدات، یان بەجێی نەهێڵێت، ئەوەی سەیر بێت، ئەوەیە نادیە ئافرەتێکی تایلەندییە و شووی بەو بازرگانە کردووە، ئەو بازرگانە ئەمریکییەش دەڵێ: «سەیرم بەوە دێت کە هاوسەرەکەم خەڵکی وڵاتێکە و کە لە وڵاتەکەیدا دروستکردنی خانوو لە ناو ئاودا وەك بەزاندنی سەروەریی سەیر بکرێت و سزای لەسێدارەدانی بۆ ببڕنەوە.»





## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا بەڵەمێك هەیە و دەیەوێت بە وشکانی بگات، تۆش بەخێرایی لەماوەی (٣٠) چرکەدا ڕێگەکەی بۆ دیاری بکە.




جارێکیان کوڕێك چووبووە داوای کچێك، دواتر هاوڕێیەکی لێی پرسیبوو، وابزانم چوویتە داوای کچێك، ئەی ئەوان چییان گوت؟ ئەویش گوتی: نەبوو! هاوڕێیکەی پرسیبووی: چۆن؟ ئەویش گوتی: شتەکە وەك گەمەی لێهات و (٣-٣)یەکسان بووین، من و دایکم و باوکم ڕازی بووین، کچە و دایکی و باوکی ڕازی نەبوون.

## ــیاریت

بۆ نزیکەی ٢٠٠٠ مەتر بۆ ژێر ئاستی دەریا، بۆیە گوێی ناوەوە توانای ئەوەی نابێت بەرگەی ئەو گۆڕانە لە ناکاوە بگرێت، هەر ئەوەش نا، بەڵکوو ناشتوانین ئاگر بەکاربهێنین و هەموو ئۆتۆمبێلیەکان جگە لە ئۆتۆمبێی کارەبایی توانای ئیشکردن و سووتاندنی سووتەمەنی لەدەست دەدەن، فڕۆکەکان لە ئاسمان دەکەونە خوار، ملیۆنەها ئۆتۆمبێل لە شەقامەکان دەوەستن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕووناکییەی کە لە خۆر دەردەچێت، پێش ئەوەی بدات لە زەوی چەند جارێك خۆی بە پارتیکڵەکانی ناو هەوادا دەکێشێت، بە نەمانی ئۆکسجین ئەو پارتیکڵانەش کەم دەبنەوە کە ڕووناکی دەرچوو لە خۆر خۆی پێدا دەکێشێت، ئەمەش وا دەکات ئاسمان بە تاریکی دەربکەوێت، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بە نەمانی ئۆکسجین چینی دەرەوەی زەوی وێران دەبێت و تووشی شەقبوون و پەرتبوون دەبێت، چونکە چینی دەرەوەی زەوی ٤٥٪ ـــی پێکهاتەکەی ئۆکسجینە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەگەڵ کەسێکدا کێشەت هەیە، پێویستە کێشەکان چارەسەر بن و نابێت وا بەردەوام بێت، پێویستە ڕاشکاوانە قسەی دڵی خۆت لەگەڵ کەسی بەرامبەر بکەیت و ڕای ڕاستی خۆتی بۆ دەرببڕیت، ئەگەرنا دواتر پەشیمان دەبیتەوە. ماوەیەکە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکی زۆر گرنگ دەکەیت، بەم نزیکانە زانیاریی زۆر گرنگ و بەسوودت پێ دەگات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

تێڕوانینت بۆ داهاتوو زۆر گەشبینانەیە بۆیە هەموو توانای خۆت بەکاربێنە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارەی ماوەیەکە بەنیازی ئەنجامی بدەیت و هێشتا دەستت پێ نەکردووە، ئەگەرچی سەرەتا هەندێك سەختی وگرفت ڕووبەڕووت دەبێتەوە، بەڵام دواتر زۆر بە ئاسانی کارەکانت ڕاستەڕێ دەبن، پێویستە بە باشی توانای خۆت بۆ ئەوانە دەربخەی کە گومانیان لە تواناکانت هەیە



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەگەر بیر لە داهاتوو ناکەیتەوە، واباشترە هەنگاوەکانی ئێستات جێبەجێ بکەیت، ئەگەر لە توانای خۆشت ڕانابینیت، دوودڵ مەبە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی هەوڵەکانت، پێویستە زیاتر پەیوەندییەکانت بەهێز بکەیت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەتدا و لە کاتی پێویستدا ڕۆڵی باشیان گێڕاوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەگەر لە کارێکدا کێشەت بۆ دروست بووە، پێویست ناکات نیگەران بیت، بەڵکو بە هێمنی چارەسەری بکە، بەم نزیکانە چاوت بە کەسێك دەکەوێت کە دەمێکە تاسەی بینینی دەکەیت. ئاگادار بە نهێنییەکانی ژیانت لای هەموو کەس باس مەکە، بەتایبەتی کەسانێك کە لە دڵسۆزییان دڵنیا نیت، لەبەر ئەوەی دواتر پەشیمانی دادت نادات و دوچاری گرفت دەبیتەوە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەگەڵ کەسانێکدا هەڵسوکەوت مەکە کە تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان مەبەستە. لە ڕۆژانی داهاتوو هەندێك شت بە پێچەوانەی ویستی تۆ دەبێت، بۆیە بە باشی خۆتی بۆ ئامادە بکە، دوای چەندین هەوڵی جدی سەرکەوتن دەبێتە هاوڕێت و سەرکەوتن مسۆگەر دەکەیت، خەونەکەت زۆر نزیکە بۆ ئەوەی ببێتە ڕاستی.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەرکەکانت جێبەجێ بکە و ماوەی داهاتووت بەرەو خۆشی و شادی دەچێت، هەست بەتەنیایی دەکەیت و لە ئێستادا پێویستت بەوە هەیە کە کەسانێکی نوێ بناسیت. ئەم هەفتەیە کەسێکی گرنگ دەبینی کە ماوەیەکە چاوت پێی نەکەوتووە، ڕەنگە ئەمە سەرەتایەکی باش بێت بۆ دەستپێکی کاری نوێ.